# (ڕێڕەوی شیعری جەلالی میرزا کەریم)
# توێژینەوەیەکی وەرگیراو(مستل)ە لە نامەی ماستەر

**دەشنێ ڕەئوف مستەفا [1]، دڵشاد علی محەمەد [2]**

[1,2] بەشی زمانی کوردیی،کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: Dashne.rmkuma2019@uoh.edu.iq

**پوختە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئاوڕێکی زانستیانە لەیەکێ لە دەنگە شیعرییەکانی ئەدەبی نوێی کوردی دراوەتەوە کە ئەویش (جەلالی میرزا کەریم)ە ، هەوڵدراوە بۆ خستنەڕووی ژیانی شاعیرو دەرخستنی پەیوەندی شاعیر بە (سیاسەت و ڕۆشنبیری و شیعرو نوێخوازی)یەوە، کەتا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە دەربارەی پێگەی خۆی و بەرهەمەکانی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ئەنجام نەدراوە، ئەمە لە کاتێکدا یەکێك بووە لە ڕابەرانی شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا و یەکێکیش بووە لە ڕابەرانی بزوتنەوەی ڕوانگەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە شیعری کوردیدا، لێکۆڵینەوەکە بەپێی میتۆدی پەسنی شیکاری ئەنجامدراوە.کێشەی لێکۆڵینەوەکە قسە کردنە لەسەر ڕۆڵ و پێگەی (جەلالی میرزا کەریم) لە نێو ئەدەبی کوردیدا. لە کۆتایشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە دووتوێی چەند خاڵێکدا خراوەتەڕوو، ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و لیستی سەرچاوە دابەشکراوە بۆ دوو بەشی سەرەکی.

**کلیلە وشە:** (شیعری سەربەست، ڕوانگە، دوای ڕوانگە)

**الملخص :**

في هذه الدراسة، إلتفات علمي لإحد أصوات الشعر في الأدب الكوردي الحديث وهو (جلال میرزا کریم)، محاولة لعرض حياة الشاعر و عرض علاقته ب-(السياسة و الثقافة و الشعر التجديدي)، ولحد الان لاتوجد دراسة علمية حول مكانته الشخصية و انتاجاته في الشعر الكوردي المعاصر، هذا في حين أنه كان أحد قادة الشعر الحر في الأدب الكوردي و أحد قادة حركة روانگە في سبعينيات القرن المنصرم فی الشعر الكوردي، أجريت الدراسة بحسب طريقة الوصفي التحليل، وقضية الدراسة هو الكلام على دور و مكانة (جلال میرزا کریم) في الأدب الكوردي. وفي الختام عرض نتائج البحث ضمن نقاط، هذه الدراسة عدا المقدمة و قائمة المصادر و النتائج تتألف من مبحثين رئيسين.

**الكلمة المفتاحية :** (الشعر الحر، روانگە، بعد روانگە)

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10461 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٢١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٢٣ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Dashne.rmkuma2019@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣دەشنێ ڕەئوف مستەفا ،پ.د. دڵشاد علی محەمەد ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

In this research, a scientific look has been given to one of new Kurdish literary (Jalal mirza karim). Efforts have been made to show the poet's relationship with politics, culture, poetry and modernism. But so far no scientific research has been conducted on his position and his productions in modern Kurdish poetry. This was at time when he was one of the leaders of free poetry in Kurdish literature and one of the leaders of the 1970s perspective movement in Kurdish poetry, the study conducted according to the method of analysis. The research is about the rol and position of Jalal Mirza Karim in Kurdish literature. At the end, the results of the research were shown in two points. Except for the introduction, source list, and results, this research is based on two major sections.

**Keyword:** (free poetry, Ruanga, After the Ruanga)

### ١: پێشەکی

جەلالی میرزا کەریم یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی کایەی شیعری، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووە و بەدواوەچووەتە نێو جیهانی شیعری، لەسەرەتای دەستدانە هۆنینەوەی هۆنراوەوە لە هەوڵی نوێخوازیدا بووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجی ئێمە بوو، ئەوەیە کە دەبینرێت، جگە لەچەند وتارێکی ئەدەبی دەربارەی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ڕووی لە جیهانە شیعرییەکەی (جەلالی میرزاکەریم) نەکردووە، چەند تەوەرە و باسێکی کورت لەسەر ژیانی و بەرهەمی لە لاپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان خراوەتەڕوو، لەکاتێکدا بەرفراوانی و دەوڵەمەندی جیهانە شیعرییەکەی شاعیر بوار بۆ گەلێ لێکۆڵینەوەی جیاواز دەدات، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ئەوەی دەربارەی ئەم شاعیرە نوێخوازە نوسراوە لە ئاستی پێویستدا نیە.

هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئاوڕێکی زانستانە لە(جەلالی میرزا کەریم)، وەك مرۆڤ و وەك شاعیرێکی ڕێچکەشکێنی سەردەمی خۆی دەدەینەوە، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەمان دەربارەی داوەتەوە ، ژیانی شاعیر و و پەیوەندی بە سیاسەت و توانای لە بورای ڕۆشنبیریدا و دەرخستنی پێگەی جەلالی میرزا کەریم لە هەرسێ قۆناغی تەمەنی شیعریدا.

### ٠/٢ ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:

ئامانجمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا ناساندێکی زانستیانەی جەلالی میرزا کەریمە، بە لێکۆڵەرانمان و بە شیعر دۆستانی کورد وەك دەنگێکی شیعری نوێخوازو نوێکەرەوە لە نیوەی دووەمی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا سەرەتای نەوەتەکانی هەمان سەدە.

### ٠/٣ میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە، لە بازنەیەکی مێژوویدا بە میتۆدی پەسنی شیکاریی کاردەکات، بەو ئامانجەی زانستیانە لە ژیان و بەرهەمەکانی بکۆڵرێتەوە.

### ٠/٤ ستراکتۆری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لە پوختەو پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، بەگشتی بۆ دوو بەش دابەشکراوە، بەشی یەکەم بەناونیشانی ( جەلالی میرزا کەریمی مرۆڤ) لەم بەشەدا هەوڵدراوە خستنەڕوویەکی ورد بۆ ژیانی جەلالی میرزا کەریم بکرێت وەك مرۆڤ و دەرخستنی تواناو پێگەی لە نێو بواری سیاسی و ڕۆژنامەگەریدا، بەشی دووەم بە ناونیشانی (جەلالی میرزا کەریمی شاعیر)،لە سێ پاردا ئاوڕمان لە جیهانی شیعری شاعیر داوەتەوە، لەپاری یەکەم باس لە قۆناغی شیعری شاعیر لە ماوەی (١٩٥٨-١٩٧٠)، بەگشتی باس لەم ماوەیەکراوە و

بەتایبەت تیشکخراوەتە سەر یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی، لە پاری دووەمدا باس لەقۆناغی دووەمی شیعری شاعیر لەماوەی (١٩٧٠-١٩٧٥) کراوە لێرەدا زیاتر هەوڵی دەرخستنی پێگەی شاعیر لەنێو بزوتنەوەی ڕوانگەدا دراوە، لە پاری سێیەمدا ئاوڕ لە کە قۆناغی سێیەمی شیعری شاعیرە لەماوەی (١٩٧٦-١٩٩٣) دراوەتەوە، لەم قۆناغەدا باس لە ژیانی غوربەت و کاریگەری لەسەر بواری ئەدەبی شاعیر کراوە.

## ڕەوتی شیعری جەلالی میرزا کەریم

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت لەدوو لاوە ئاوڕ لە جەلالی میرزا کەریم بدەینەوە لایەنێکیان وەك مرۆڤ و لایەنێکیان وەك شاعیر، بۆئەوەی زیاتر ئاشنا بین بە جیهانە شیعریەکەی جەلالی میرزا کەریم:

### ١/١) جەلالی میرزا کەریمی مرۆڤ :

جەلالی میرزا کەریم لەخێزانێکی دیاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٣٥) هاتووەتە دونیاوە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە. وەك حسێن عارف دەڵێ : ( لە گەرمەی ڕووداوەکانی وەرچەرخانە مەزنەکەدا، من فرسەت لە تەواوکردنی خوێندن دێنمەوەو، خۆم دەگەیەنمە زانکۆ. بەڵام مەخابن جەلالی میرزا کەریم ئەو هەلەی بۆ نارەخسێ)،(عارف، حسین، ١٩٩٣ :٢٣)

جەلالی میرزا کەریم لە خێزانێکدا پەروەردە بووە کە هەڵگری بیرو باوەڕی مارکسی لینینیزمی بوون، بۆیە ئەمیش هەر لەسەردەمی لاویەتیدا ئەو بیروباوەڕەی کردە ڕابەری چالاکییە سیاسیەکانی. ئەوەتا لەم ڕووەوە حسین عارف باس لەوە دەکات : ((کەلە ساڵانی (١٩٥٣-١٩٥٤)، چەقڵاوە هەم سەیرانگاو هەم بارەگامانە. ئەوە هاوڕێم جەلالە کەبەشدارێکی بەردەوامی زۆربەی سەیرانەکانە. بەڵێ.. هەم بۆ سەیران دەچین و هەم لەوێ، هەموو جار سیمینارێك بۆ جۆرەها چالاکیی ڕۆشنبیری سازدەکەین، کەئەو هەردەم کارسازێکی چالاکێتی)) (عارف، حسین ٢٣:).

هەروەها ((شێرکۆ بێکەس))یش دەربارەی ئەم سەرەتایی چالاکییە سیاسیەکانی وا دەڵێ : (لەڕێی بزوتنەوەی قوتابیانەوە بۆیەکەمجار جەلالی میرزا کەریمم ناسی، ساڵانی هەرزەکاریی، ئەوکاتە تازە بەتازە تۆڕەکانی سیاسەت لە شاری سلێمانی خەریك بوو ئەیانگرتین. جەلالی میرزا کەریم گەنجێکی موو زەردی، باڵا مامناوەندی، هێواش و لەسەرخۆ و کەمدوو، هەمیشە ڕۆژنامەیەك یان کتێبێکی لەبن هەنگڵدابوو. یەکێك لەو خاسیەتە جوانانەی لە جەلالدا هەبوو جگە لە هێمنی و بێدەنگییەکەی، هیچ جۆرە هەڵپەیەکی خۆدەرخستن و خۆبردنە پێشەوەی نەبوو، نازانم من ڕۆژێك لە ڕۆژان تووڕەبوون و هەڵشاخانەوە و ئیرەیی پێبردن و ڕق ئەستوریم لەودا نەبینی. لەو ڕۆژگارەدا یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز بەدزیەوە دوور لە شار ئەنجام ئەدرا، بۆیە ئۆپۆزسیۆنی ئەوکاتە کە دیارترینیان (حیزبی شوعی) بوو، هەموو ساڵێ لە نەورۆزدا دوو سێ لۆریەکی لەقەراغی شار، ڕێی تانجەرۆ، ڕائەگرت و ئێمەش دوو دوو سێ سێ، خۆمان ئەگەیاندە ئەو شوێنەو سوار ئەبووین، ئەچووین بۆ ئەوبەری تانجەرۆ لە دەشتاییەکدا کە (چەقڵاوە) یان پێ ئەوت دادەبەزین و ئەمانکرد بەسەیران و لە هەمانکاتیشدا یادی نەورۆزمان ئەکردەوە. سەیران و کۆبوونەوەکانی (چەقڵاوە) من و جەلالی زیاتر لەیەکتری نزیك کردەوە، بیرمە هەر ئەو خۆی سیناریۆیەکی بۆ جەژنی نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر نوسیبوو) (بێکەس، شێرکۆ،٢٠٠٨ :٢٦).

ئەو بۆچوونانەی سەرەوە گەواهی دەری ئەو ڕاستییەن کە جەلالی میرزاکەریم، هەر لەو ساڵانەدا، لەپاڵ کارو چالاکییە سیاسیەکانی، کارو چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی چرۆ دەکات و دەست دەداتە نوسین لە بواری ئەدەبیدا.

وەك دەردەکەوێت چالاکییە سیاسیەکانی بەردەوام دەبێت، ئەوە بووە (لەساڵی (١٩٥٦) لەکاتی هێنانەوەی تەرمی (شێخ مەحمودی حەفید)دا هەموو سلێمانی خرۆشا، بەتایبەتی کاتێ کە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود لە بەندینخانە بوو. حکومەت ڕێگای نەدا بەشداری مەڕاسیمی بەخاك سپاردنی باوکی بکات. جەلالی میرزا کەریم یەکێك بوو لەو لاوانەی کە دەوری کاریگەرو بەرچاوی هەبوو لەو خۆپیشاندانانە و لە ئەنجامی ئەوەدا کاربەدەستانی حکومەت ژمارەیەکی زۆر خەڵکیان لە سلێمانی دەستگیر کرد کە یەکێك لەوانە جەلالی میرزا کەریم بوو، پاشان لە دادگای عورفی سزای سێ مانگ زیندانی و ساڵێك مانەوە لەژێر چاودێری لەبەدرەی شاری حیللە بەسەردا درا) (ڕۆڤار : ٣)

لەگەڵ خەباتی سیاسی و کارو چالاکی ئەدەبیشدا، ئاوڕی لە ئەرکێکی تری مرۆڤپەروەری داوەتەوە، کە ئەویش کۆکردنەوەی نابیناکان و


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دروستكردنی كۆمەڵەیەك بەناوی(كۆمەڵەی نابینایان) بۆ خوێندنی (خەتی برایل) لەگەڵ حسین عارف یەكەم كەس بوون بەم ئەركە هەستاون (دۆستایەتیمان لەگەڵ ژمارەیەك لە نابیناكانی شاردا پەیداكردووەو، لە ڕێگەی خەتی (برایل)ەوە كە جۆرە نوسینێكی تایبەتە بەئەوان، فێری خوێندنەوەو نوسینیان دەكەین) (عارف ،حسین : ٢٣).

(حسین عارف) دەربارەی سەرەتای چوونە نێو جیهانی ڕۆژنامەو گۆڤار دەیگەڕێنێتەوە بۆسالی (١٩٥٣-١٩٥٤) و دەڵێ : (بەباری ڕۆژنامەگەریە ساكارەكەدا، ئەوەتا خۆمان سەرقاڵی دەركردنی گۆڤارێك بەدەسخەت بەناوی (ڕووناكی)یەوە كردووە، كە دیارە ئەمە یەكەم چەكەرەی ئارەزووكردنی هەردووكمان بوو، بۆ چوونە نێو جیهانی ڕۆژنامە گەری).(سەرچاوەی پێشوو) ، ئەمە دەبێتە دەستپێكێك بۆ كاركردن لەو بوارەدا. لە دوای چواردەی تەموزی(١٩٥٨) و ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتی بوو بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی كۆمۆنیستی عێراق لە سلێمانی، (لەسالی (١٩٥٩) لەگەڵ ((عەبدوڵای بابا عەلی)) دەستیان دایە دەركردنی گۆڤاری ((هیوای كوردستان)) كە ئۆرگانی یەكێتی گشتی قوتابیانی عێراق لقی سلێمانی بوو).(ڕۆڤار،٣)

سەرەتای شەستەكانی سەدەی ڕابردوو، بە قۆناغی ناجێگیر لە مێژووی كوردستان و عێراقیشدا دادەنرێت لە رووی ڕۆشنبیریەوە، سەرباری ئەو بارودۆخە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەلالی میرزا كەریم لە كاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەردەوام بووە و توانی لە سالی (١٩٦٠) كتێبی ((چۆن دەبیت بە تێكۆشەرێكی تەواو)) لە نوسینی ((لیوشاوسی)) وەربگێڕێتە سەر زمانی كوردی.

لەسالی(١٩٦٢) بەهۆی هەڵوێستی سیاسییەوە دەگیرێت و دوو ساڵ زیندانی دەكرێت، لە شاری حیللە. دوای دووساڵ كە ماوەی زیندانیكردنەكەی تەواو دەبێت و ئازاد دەكرێت، جەلالی میرزا كەریم دەست لە كاری ڕۆشنبیری و ئەدەبی خۆی هەڵناگرێت و دوای ئازاد بوونی لە سالی(١٩٦٤) لە ئێزگەی كوردی بەغداد دەست بەكاردەكات وماوەیەكی زۆر لەو ئێستگەیە دەمێنێتەوە، جەلالی میرزا كەریم كەسێكی هێمن و لەسەرخۆ و گەشبین بوو، لەگەڵ هاوڕێ و خزم و دۆستانی لێبوردە و زۆر خۆڕسك و دڵسۆز بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر بە زوڵم و زۆرو داگیركاری توند و ڕق ئەستور بوو.

(لەتیف هەڵمەت) لە دیدارێكدا كە بەناوی (وێنەیەك بە پێنوسی : جەلالی میرزا كەریم) دەڵێ : (ئەو بەرنامە ڕۆشنبیریانەی كە شاعیری كوردی نوێبەخش خوالێخۆشبوو ((جەلالی میرزا كەریم)) پێشكەشی دەكردن، لەوانە بەرنامەی (شیعرو مۆسیقا)، حەزمكرد لە نوێبەخشی و لەو بەرنامە ڕۆشنبیریەی ناوبراودا بەشدار بم... بۆیە دەستم دایە بەشداریكردن لە بەرنامە شیعریەكانیدا، بەشداریكردنەكەم پەرەی سەند و بووبە بەشداریكردنی هەفتانە... هەرچەند جەلالی میرزا كەریم ڕێزی لە توانای شیعری نابام ئەوەندەی دیكە بایی دەبووم و شانازیم بە داهێنانەكانی خۆمەوە دەكرد. هێشتا بیرمە (جەلالی میرزا كەریم) شیعرێكی نوێمی لەیەكێك لەبەرنامە شیعریەكاندا خوێندەوە، لەكاتی خوێندنەوە و گۆكردنی چەند وشەیەكدا هەڵەی كردوو زمانی گرت، بەو هۆیەوە توشی تووڕەبوونێكی هەرزەیی لە ڕادەبەدەری پڕ ڕق و كینەو نەرگیسییەت و شێتایەتی بووم و دەستبەجێ نامەیەكی مینڕێژكراو و پڕ لە بوومە لەرزە و با وبۆرانم نوسی و بە پۆستی بەپەلە بۆ شاعیر((جەلالی میرزا كەریم)م ڕەوانەكرد. دوای هەفتەیەك لەڕێگەی بەرنامەیەك گوێم لە وەڵامەكەی بوو، وەك سروە بایەكی فێنك لە سیروانەوە هەڵی كردبێت و پڕ لە بۆن و بەرامەی گوڵە كێوی بێت. وەڵامەكەی چوون پەرداخێ ئاوی ساردی ڕۆشن بوو، لەناوەڕاستی بیاباندا پێشكێشی كردم. بۆیە لەئاستی هێوری و لێبوردەیی و پاكژی ناخ و ویژدانی هەستم بەشەرمەزاری كرد. لەگەڵ ئەوەش پێشبینی ئەوەم لێكرد لە بەرنامەكەیدا خۆم و شیعرەكانم فەرامۆش بخات، كەچی پتر لەسەر هاندان و پەخشكردنی شیعرەكانم لەو بەرنامەیەدا سورتر بوو) (هەڵمەت، لەتیف، ٢٠٠٩ : ١٤٠-١٤١).

هەتا ساڵانی ١٩٧٠ جەلالی میرزا كەریم وەك بێژەر و وەرگێڕ كاری كردووە لە ڕادیۆی كوردی بەغداد، (لەسالی(١٩٦٩) سەرباری كاركردنی لە ئێزگە، ئەوكاتە فەرمانبەریش بوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق لە بەغداد لەگەڵ (دكتۆر ئەكرەم فازیل) ئیمتیازی دەركردنی گۆڤاری(بەیان) وەردەگرن و جەلالی میرزا كەریم دەبێتە سكرتێری نوسینی ئەم گۆڤارە و تا چەند ژمارەیەك ئەوكارە لە ئەستۆ دەگرێت) (ڕۆڤار، ١٥) هەر لەگەڵ ئەمەشدا سكرتێری نوسینی ڕۆژنامەی (هاوكاری) بووكە هەفتانە ژمارەی لێدەردەچوو،(جەلالی میرزا كەریم بوو بە سكرتێری نوسینی

ڕۆژنامەی هاوکاری، دواتر ئەوڕۆژنامەیە چەندین هەنگاوی گەورەی بەخۆیەوە دی. وایلێهات بوو بە قیبلەی ڕۆژنامەگەری لاوانی کورد، ئەوکاتە ڕۆژنامەکە هەفتانە بووکە دەهاتە بازاڕ خەڵك ڕیزیان لێدەگرت و لە سەعاتی یەکەمی بڵاوبوونەوەیدا نەدەما، بێگومان ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەبووکە جەلالی میرزا کەریم هەوڵی دەدا لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە لە بەردەم بەرهەمی ئەدەبی لاوان و نەفەسی نوێخوازی بکاتەوە و هەرچی زۆرترین خەڵکی لاو هەبوو لەدەوری ڕۆژنامە کۆبکاتەوە) (شۆڕش، سامی، ٢٠٠٨ :٢٠).

((جەلالی میرزا کەریم لە ساڵی (١٩٧٣) لە ئێزگەی شۆڕش و لە گۆڤاری (پێشمەرگە) کاریکردووە و درێژەی بە کارو چالاکیەکانی خۆی داوە)) (ڕۆڤار: ٤) لە بەهاری ساڵی (١٩٧٤) کە دووبارە شۆڕشی دژ بە ڕژێمی بەعس سەریهەڵدایەوە، بەشی زۆری ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە پاڵپشتی شۆڕشەکە بوون ، جەلالی میرزا کەریمیش یەکێك بوو لەو شاعیرانەی کەلەشاخ پەیامی شیعریان لە پێناو بەرزکردنەوەی ورە و ئومێدی پێشمەرگەدا بوو. لەدوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) یش هەروەك شێرکۆ بێکەس دەڵێت( لەو ڕۆژگارەدا چ پێشمەرگە و چ کەسانی وەك ئێمە و مانان یان ئەبوو خۆیان تەسلیم بە عێراق بکەنەوە یان لە ئێراندا بمێننەوە. جەلالیش لە ئێران مایەوە. دوای چەند مانگێك ئەمریکا بڕیاری ئەوەی دا ژمارەیەك لەو کوردانە وەك پەنابەر لە ئەمریکا وەربگرێ. جەلالیش خۆی لەو لیستانەدا ناونووس ئەکاو لەدواییدا ئەچێتە ئەمریکا و لە ویلایەتی تەکساس جێگیر دەبێت) (بێکەس، ٢٠٠٨ : ٢٩)

کاتێ دەچێتە ئەمەریکا ((دەبێتە ئەندامی یەکێتی دیموکراتخوازانی عێراق لە ئەوروپا و کۆمەڵەی نیشتمانی لە ئەمریکا و کەنەدا)) (گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە، ١٥).

لەساڵی (١٩٨٢) ئوتۆمۆبێل لێیدەدات و باری تەندروستی تێکدەدات پاش مانەوەی چەند مانگێك لە خەستەخانە لە لێواری مەرگ ڕزگاری دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ژیان بەڵام بە زیانێکی زۆری جەستەییەوە. جەلالی میرزا کەریم ئاواتی گەورەی ئەوەبوو بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و بە ئازادی نیشتمانەکەی خۆی ببینێت ئەم ئاواتە هەمان ئەو ئاواتە بووکە چەندین ساڵی تەمەنی لاوێتی هەوڵی بۆداوە و لە پێناویدا ژیانی زیندانی و نارەحەتی بینیوە.

لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) ئازاد کردنی بەشێکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس، جەلال گەڕایەوە بۆ زێدو نیشتمانی خۆی، بەڵام ئەم جارە بە جەستەیەکی تێکشکاو لەرزۆك و بە ئومێدێکی زۆر و گیانی پڕ هیوای لاوێتیەوە، دوبارە دەستی کردەوە بە کاری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن. لە ساڵی (١٩٩٢) لە هەولێر بوو بە بەڕێوەبەری ڕادیۆی حکومەتی هەرێم.

وەك دەزانرێ یەکێك لەو دیاردە ناهەمووارو خراپانەی کە ئازاری جەلالی میرزا کەریمی دەدا ناکۆکی نێوان پارتە سیاسیەکان بووە ؛ ئەوەتا کاکە مەم بۆتانی لەو ڕووەوە دەڵێ: (لەسەر سەرینی باداریدا، فرمێسك و هەناسەی ساردی هەڵڕشت..چەندەها باسی وشیارکەرەوەی بڵاودەکردەوەو کەس نەیبیست!.. چاوی لەدەستی سەرکردەکان بوو، تارمایی سێ ساڵ خوێن، وشیاریان کاتەوە و پێ لە تەختەی چرۆك نەنێن، بەرژەوەندیی کوردان لەسەرو بەرژەوەندیی تایبەتیان و حیزبەکانیانەوە دانێن. بە پلانی گڵاوی داگیرکەران نەکەن) (بۆتانی،کاکە مەم، ٢٠٠٨ :٢٥).

جەلالی میرزا کەریم لەماوەی ژیانیدا خێزانی پێکنەهێنابوو... هەر بەتەنها مابووەوە. بەداخەوە لە کاتژمێر یازدەی (١٩٩٣/١/١٤) ماوەیەکی کەم دوای شاد بوونەوەی بە باوەشی نیشتمانەکەی، بەهۆی نەخۆشی دڵەوە گیانی پاکی سپاردوو ماڵئاوای یەکجاری لێکردین، پاشان تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ سلێمانی و لە گردی سەیوان بەخاك سپێرا.

## ٢/٠) جەلالی میرزاکەریمی شاعیر:

لێرەدا دەمانەوێت ئاوڕێك لە ژیانی شیعری شاعیر بدەینەوە، کە یەکێکە لە ناوە دیارەکانی کایەی شیعری کوردی و دەنگێکی دیار لە بەرەوپێش بردنی شیعری هاوچەرخ، یەکێکە لەو ژمارە کەمەی کە بزوتنەوەی ڕوانگەیان ڕاگەیاند. دەکرێت بەخوێندنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی جەلالی میرزاکەریم تەمەنە شیعریەکەی بەسەر سێ قۆناغدا دابەشبکەین ،کە بریتین لە م سێ قۆناغە :


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١/٢) ڕێڕەوی شیعری جەلالی میرزا کەریم لە قۆناغی (١٩٥٨-١٩٧٠) :

جەلالی میرزا کەریم لەساڵانی ١٩٥٥ لەدوای ئەوەی کە دەبێتە ئەندامی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق، لەوێوە دەست دەداتە خوێندنەوە و سەرەتای چوونە نێو دونیای شیعریش هەر لەو کاتەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەو بەرهەمانەی کە لەم ماوەیەدا نوسیویەتی لەبەر هەر هۆکارێك بێت کەمترینیانی بڵاوکردووەتەوە. (شێرکۆ بێکەس) دەڵێ : (جەلال پێش ئێمە خەریکی شیعر نوسین بوو، بەڵام کەمی بڵاو ئەکردەوە. هیچ هەڵپەیەکی خۆ دەرخستنی نەبوو) (بێکەس، ٢٠٠٨ : ٢٨).

ئەو سەردەمەی کە جەلالی میرزا کەریم ڕوو دەکاتە جیهانی شیعری، کۆمەڵێك هەوڵی نوێگەری تیادا ئەنجامدراوە، دەربارەی ئەو هەوڵانە ((حسین عارف)) دەڵێ : ( کامەران موکری و نووری وەشتی و کامیل ژیر، هەوڵی وتنی هۆنراوەی نوێیان داوە) (عارف، ١٩٥٨ : ٢٣).

((مارف بەرزنجی)) لەم بارەیەوە دەڵێ : (( شاعیرو بوێژانی ئەم سەدەی بیستەمە کۆت و زنجیری کۆنیان شکاندو قاڵبێکی تریان دروست کرد وازیان لە قافیە هێناوە و وەزنیان بەچەشنێکی کە هەڵسوڕاند جاران وەزن لەسەر کەرتە شیعر دائەمەزرا، ئیمڕۆ لەسەر (تەفعیلە) دائەمەزرێ گوێ نادرێتە کورت و درێژی کەرتەکانی شیعر بەڵام مۆسیقا ئەپارێزرێ ئەویش بەلانەدان لەوەزن)) (بەرزنجی، مارف، ١٩٥٨ : ٢٥).

گومانی تیادا نیە ئەم هەوڵانە کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر (جەلالی میرزا کەریم) بەڵام جیاوازی ئەم شاعیرە لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆی، ئەوەیە هەر لە سەرەتای شیعر نوسینیەوە خولیای نوێکردنەوەوی هەبووە. بە شیعری نوێ دەستی پێکردووە، ((جەلال مەشقی شیعری عەرووزی و کێشی میللی سیلابی خۆماڵی نییە، لەو شاعیرە تازانەیە کە بە شیعری نوێ دەستی پێکردووە، کۆمەڵێك لەو شیعرە نوێیانەی کە لەناوەوە بووە بەشی ئەوەیان کردووە گوێی مۆسیقی لای جەلال دروست بکەن)) (خەزنەدار، مارف، ٢٠٠٦ :٦٥٢-٦٥٣).

دیارە ئەم تێڕوانینەی ((د. مارف خەزنەدار)) پێویستی بەهەڵوەستە کردنەوە چونکە کاتێك باس شاعیری نوێ دەکات مەبەستی (کامەران موکری، نوری وەشتی، کامیل ژیر)ە کەلەو ماوەیەدا شیعری نوێیان نوسیوە، ئەوەش دەگەیەنێت کە ئەمان ڕێگەخۆشکەربوون بۆ(جەلالی میرزا کەریم) یان جۆرێ لەلاسایکردنەوە و شوێن پێ هەڵگرتنی ئەوانی تیادا دەبینرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەوڵانە نەبوون بە ڕێڕەوێکی شیعری سەربەخۆ و شوێنکەوتوویان هەبێت، ئەم هەوڵانە لەچوارچێوەی تاکەکەسیدا مایەوەو، تەنها لەچەند بەرهەمێکی دیاریکراویاندا دەبینرێت. جیاوازی جەلالی میرزاکەریم، لەگەڵ ئەم شاعیرانە ئەوەیە کە لەسەرەتای هاتنە نێو جیهانی شیعرەوە بە شێوازی نوێ دەستی پێکردووە و لەسەر ئەو شێوە نوێیە بەردەوام بووە. لەلایەکی ترەوە(د.مارف) باس لەوە دەکات کە کێشی میللی سیلابی خۆماڵی بەکارنەهێناوە، دەبێت ئێمە ئەوە بزانین ئەو شیعرانەیشی کە دەچنە ژێر چەمکی شیعری سەربەست داماڵراو نەبوون لە کێش و سەروا، بە کێشی خۆماڵی نوسراون و بەشێوەی سەربەست کێشیان بەکارهێناوە، هەروەك ((د. دلشاد علی)) لەم بارەیەوە دەڵێ : ((هۆنراوەی سەربەست لەئەدەبی کوردی هاوچەرخماندا بەهەمان چەمك بەکاردەهێنرێت کە(نازك الملائکە) بەکاری هێناوە، واتە ئەو هۆنراوەیەی کەخۆی لەچوارچێوەی بەیتی دوو دێڕی دەربازکردووە و ژمارەی پێیەکانی لەدێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەگۆڕێ و لەهەمان کاتدا دەست بەرداری قافیەش نابێت)) (علی، دڵشاد، ١٩٩٨ :١٥١) .

بەهەمان شێوە ((کامیل ژیر)) کە خۆی یەکێکە لەو شاعیرە نوێیانەی کە مارف خەزنەدار باسیان دەکات دەربارەی شیعری نوێی ئەو سەردەمە دەڵێ : ((بەش بەحاڵی خۆم ئەو هەوڵدانانەی لەسەر بنچینەی وازهێنان بوو لە کێش و سەروا، ئەوا نەك هەر بە تازەکارییان دانانێم، بەڵکو بەگەڕانەوەیەکیشیان ئەزانم بۆ دواوە لە هەڵبەستدا. لەبەرئەوە من هەرزوو وازم لەو ڕەوتە هێناو گەڕامەوە سەر کێش و سەروا، بەڵام بەشێوەی کۆنە دەقگرتووەکە نا، بەڵکو بەجۆرێکی تازەو گۆڕا)) (ژیر، کامیل، :٤٤٠).

هەر دەربارەی نوێگەری لای جەلالی میرزا کەریم، (کەمال غەمبار) دەڵێ : (سەرەتای ساڵی (١٩٥٩) کۆپلە شیعرێکی شێواز چوارینەم بۆ شاعیری نوێخوازو نەمر (جەلالی میرزا کەریم) نارد، لە ڕۆژنامەی کوردستان لەسلێمانی کە خۆی بڵاوی دەکردەوە، پاش ئەوە کەیەکترمان بینیەوە پێی وتم: ئێستە باوی ئەو جۆرە شیعرانە نەماوە... لەکاتێکدا ئەو حەلە و تەنانەت دوای شۆڕشی (١٤) تەموزیش شاعیران زیاتر سەرقاڵی شێوازی کۆن بوون، بەدەگمەن هەنگاو بەرە و نوێکردنەوە و لەقاڵبی کۆن دەرچوون بەدی دەکرا) (غەمبار، کەمال، ٢٠٠٨ : ١٢٥).

هەر لەوبارەیەوە، (عەتا قەرەداغی) دەڵێ : (( جەلال لە پێش دروستبوونی ڕوانگەشدا دەنگێکی ناسراو بووە و ئەو بەو شێوازە شیعری نوسیوە کە دواتر ڕوانگە پشتگیری لێکردووە، یان باشتر بیڵێین ئەو شێوازەی ڕوانگە بانگەشەی بۆ کردووە)) (قەرەداغی، عەتا، ٢٠٢٠ :١١).

بۆ زیاتر تیشك خستنەسەر ئەو لایەنە نوێیانەی کە جەلالی میرزا کەریم دەستی پێکرد، وەك لەیەکەم دەقی بڵاوکراوەی بەناوی (دووچاوی) ساڵی (١٩٥٨) دەبینرێ :

دوو چاوی
ڕۆژی تازە ٤
لە خاك هەڵهات.. ٤
لە کوختەی پیاوی چەوساوە ٣ + ٥

لە تاریکی زیندانی ڕەش، ٤ + ٤
لەو دایکە ڕۆڵە کوژراوە ٣ + ٥
بەیانی نوێ ٤
خۆری هەڵهات ٤
کام گوڵ دوێنێ کە ژاکاو بوو ٢ + ٢ +٤
گەشایەوە ٤

وەك دەبینرێ لەڕووی کێشەوە بنەمای ئاوازەیی ئەم شیعرە تەنها دەستەپێی چواری بەکارهێناوە، ئەم جۆرەش زیاتر لەنێو بازنەی هەشت بڕگەییدا دەمێنێتەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە دەستەکردنی پێکان و دابەشبوونیان لە سەرجەم دێڕەکاندا وەك یەك بە یەك سیستەم دابەش نەبوون، هەندێ دێڕ لە یەك پێ پێك دێت و هەندێکی تریش لە دەستە پێ پێك دێت، دابەش بوونی دەستەپێکانیش لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەگۆڕێت و ئازادانە بەبێ خۆبەستنەوە بە هیچ سیستەمێکی دیاریکراو کێشی خۆماڵی بەکارهێناوە. خاسیەتی ئەم جۆرە کێشە ((زیاتر مەودای بەکارهێنانی دەستەپێی جیاوازی هەیە کە ئەوانیش جگە لە (٤+٤) یان (٥+٣) و (٢+٦) یان(٦+٢) و (٢+٢+٤) و (٢+٤+٢)ن)) (علی، دڵشاد، ١٩٩٨ : ١٣٩).

ئەم دەستەپێ و مانەوەی لە کێشی هەشت بڕگەیدا بووبە دیاردەیەك لەدوای شیعری (١٩٧٠)یشدا بەشێوەیەکی بەربڵاوبەکاردەهات. هەروەك (عبدوڵلا پەشێو) لەم بارەیەوە دەڵێ : (گیروگرفتی کێشی زۆربەی زۆری شیعری تازەمان دەستەویەخەی تەفعیلەی چوار پەنجەیین ئەمیش لەکەیەکی ڕەشە نیشتۆتە سەرچەهرەی شیعری تازە چونکە ئەم کێشە دەست نادات بۆ ئەوەی هەموو بابەتێکی شیعری پێ بنوسرێت هەروەها دامەزراندنی تەفعیلەکان گوێچکە بێ زار ئەکەن لەبەر ئەوەی دێڕی شیعرەکەیان لەتەفعیلەیەك پێکهاتووە یاخود لە دوو تێپەڕناکات) (پەشێو، عەبدوڵلا، ١٩٧١ : ٢)

لەڕووی بەکارهێنانی سیستەمی سەروا (سەروای هەمەڕەنگ) بەکارهاتووە، شاعیر سەروای پشتگوێ نەخستووەو لەهەمان کاتیشدا پەیوەست نەبووە بەیەك جۆر سەروای دیاریکراوەوە، وشەی (هەڵهات)ی خستوەتە نێودەقەکەیی و کردوویەتی بە وشەی قافیە لە چەند دێڕێکدا. لەلایەکی ترەوە شاعیر گۆڕانکاری لەسیستەمی بەیتدا کردووەو،بەیتی تێکشکاندووە و، واتە خۆی لە چوارچێوەی بەیتی دوو دێڕی دەربازکردووە و پشتی بە پێ بەستووە، ژمارەی پێیەکانی لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەگۆڕێت. لێرەدا پەیڕەوی شیعری سەربەستی کردووە بەهەمان ئەو چەمکەی کە(نازك الملائکە) خستوویەتیەڕوو( ئەو هۆنراوەیەیە کە پشت بە تاکە دێڕ دەبەستێ و ئەم دێڕانەش درێژییەکی وەك یەکیان نابێت بەڵکو ژمارەی پێیەکانی لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەگۆڕێن) (الملائکة، نازك، ١٩٨١ :٧٤). دەگونجێت ناهاوسەنگی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە دێڕی شیعردا کاریگەری هەبێت لەسەر سەروا، (یەکێك لە هۆیەکانی پشت گوێ خستنی سەروا لە شیعری نوێدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناهاوسەنگییەی لە دابەش بوونی لەت و دێڕەکاندا دروست دەبێت، کە جاری وا هەیە دێڕە شیعرێك؛ کە لە شیعری کلاسیکیدا دابەشی سەر دوو لەت دەبوو، لەوانەیە لە شیعری نوێدا بەپێی گوزارشت و وشەو تەنانەت بڕگە و دەنگیش دابەشی سەر چەندین لەت دەبێت) (حسێن، جەبار ئەحمەد، ٢٠٠٨ : ١٩٧).

کاتێك لە قاڵب و شێوازی ئەم هۆنراوەیە ورد دەبینەوە، بەو ڕاستیە دەگەین کە ناکرێت ئەمە یەکەمین هەوڵی شیعری شاعیر بووبێت، دەکرێت تاقیکردنەوەی شیعری تری هەبێت، بەداخەوە لەبەر هەر هۆکارێك بێت شیعری پێش(دوو چاوی) مان لەبەردەستدا نیە.

## ٢/٢) قۆناغی دووەمی شیعری (١٩٧٠-١٩٧٥):

قۆناغی دووەم لە دونیای شیعری جەلالی میرزا کەریم لە نێو بزوتنەوەی ڕوانگەوە دەستپێدەکات، کە خۆی یەکێك بووە لە ڕابەرانی بزوتنەوەکە. لەم قۆناغەدا دەمانەوێت پێگەو ڕۆڵی شاعیر لەنێو بزوتنەوەی ڕوانگەدا دەربخەین :

شاعیری ڕابەرو نوێخواز (جەلالی میرزا کەریم) یەکێك بوو لەو ژمارە کەمەی کە بزوتنەوەی ڕوانگەیان ڕاگەیاند لە ساڵی (١٩٧٠) لەگەڵ (شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی، جەمال شارباژێڕی). ڕۆڵی لەبواری شیعری نوێ لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی بەتواناتر بوو، بەهۆی کارکردنی لە بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری لە بەغداد و هەروەها کاری وەرگێڕان، ئەمانە هۆکار بوون بۆئەوەی زیاتر ئاشنای گۆڕانکاری و تەوژمی نوێخوازی دەوروبەر بێت و زیاتر چاوکراوەتر بێت بە دونیای دەرەوە، جەلالی میرزا کەریم لەسەر بانگەوازی ڕوانگە دەڵێ : ((ئەم بانگەوازە لە خۆیا وە بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ لەو باوەڕەدایە کە خۆبەندکردن بە قوتابخانەیەکی تایبەتیەوە مانای خنکاندنی ڕاپەڕینی وشەو وتەیەو لە چوارچێوە و قەفەزی چەند پەیڕەوێکی چەسپ و بەزۆر سەپێنراوی وەختی ئەوتۆدا بەندی ئەکات کە لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی ڕۆژگاردا دوا ئەکەوێت و باوی نامێنێ. بەرامبەر بەمە هەر بەو ئاشکرایی و ڕاستەوخۆییشەوە ئەوە ئەسەلمێنێت کە قوتابخانەی ئێمە، قوتابخانەی – نەتەوە و ژیانە – قوتابخانەی مرۆڤایەتی پێشێلکراوی ناو ئەم جیهانەیە.... قوتابخانەی هەڵچوون و یاخی بوونە لەڕووی هەر کۆت و زنجیرێکدا کە بیەوێت بەر لە تەقینی کانیی ئاواتی لەبن نەهاتووی ئەدیبمان بگرێت)) (میرزا کەریم، جەلال، ١٩٧٠ : ١٠١).

دەتوانین بڵێین هەر لەسەرەتاوە و پێش ڕوانگەش ئەو هەوڵی گۆڕانکاری داوە هەردەم لەگەڵ نوێخوازی و گۆڕاندا بووە، (کەمال غەمبار) لەم بارەیەوە دەڵێ : (جەلالی میرزا کەریم لە بواری شیعردا هەنگاوەکانی لە وانی تر لە پێشتر و بەرچاوتر بوون، هەر لەسەرەتاوە دەیویست شۆڕشێك تەنانەت لەناو هزریشدا بەرپابکات، شاعیرێکی یاخی بوو، هەنگاوەکانی لە ڕوانگەدا گورج و درێژ بوو، ئەو بەر لەوان بەبێدەنگی خەریك بوو ...جەلالی میرزا کەریم سەردەفتەری گروپەکە بوو هەڤاڵانی بەر لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانیان پێشانی ئەویان دەدا، سەرسام بوون بە تواناو داهێنانەکانی) (غەمبار، کەمال، ٢٠٠٨ : ١٢٦).

بەتەنها یەکێك نەبوو لە ئیمزاکەرانی بەیاننامەی ڕوانگە بەڵکو بەرنامەداڕێژەر و داهێنەری بیرۆکەکەبوو، بەهۆی ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر لە وەزارەتی ڕاگەیاندنی بەغداد ئیشی دەکرد، لە بەشی وەرگێڕان، لەڕێی وەزارەتی ڕاگەیاندنەوە زووتر ئاشنابوو بە شاعیرانی عەرەب. هەروەك (شێرکۆ بێکەس) لەم بارەیەوە دەڵێ : (جەلالی میرزا کەریم زووتر ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیرە نوێخوازەکانی عەرەب هەبوو، وەك فاضل العزاوی، حسب الشیخ جعفر، سەعدی یوسف و هەروەها فاضل ثامر، یاسین النصیر و عبدالستار ناصر... جەلال لەبەر ئەوەی هاوڕێ و ناسراوی عەرەبی زۆری هەبوو، ئەو گۆڤارو کتێبانەشی دەست ئەکەوت، کە ئێمە نەمانبوون) (بێکەس، ٢٠٠٨ : ٢٧).

بەهۆی ئەم ئاشنایەتیەی لەگەڵ شاعیرانی نوێخوازی عەرەب بووبووە پردی پەیوەندی لە نێوان شاعیرانی کورد و عەرەب، بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری، هەرچەندە هۆنراوەکانی خۆیی کەم بڵاودەکردەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوکارێکی باش بوو بۆ دەستگرتن و هاوکاری کردنی شاعیرە لاوەکانی ئەو سەردەمە، هەم لە ئاشناکردنیان بە نوێخوازی و هەم لە هاوکاریکردنیان لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان.

ئەو شێوازە شیعرییەی جەلالی میرزا کەریم پەیڕەوی دەکرد زۆر شاعیر سودیان لێبینیوە، بۆنمونە لە هەردوو دیوانی (کازیوەو ئاوێنە بچکۆلەکان)ی شێرکۆ بێکەس دەبینرێت و هەروەك شێرکۆ بێکەس خۆیشی لەژمارە ٧٩ (گۆڤاری ئاینده) دا دەڵێ : ((جەلالی میرزا کەریم نەك لەسەر ئەزمونی من، بەڵکو کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر شیعری جەمال شارباژێڕیی و سامی شۆڕش و زۆر شاعیری تری شەست و حەفتاکان هەبووە)) (بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٨ :٢٨).

(سەباح ڕەنجدەر) یش لەم ڕووەوە دەڵێ : ((شاعیرانی حەفتایەکان لە سەرەتای ئەزمونیاندا بەشی زۆرینەیان لە(ڕەنگ) و (فۆرم) و(ترپە و ئاواز)دا لە (ڕووبەری بیندرا و وزەی نوستوو) ی ئەم شاعیرە سودمەند بوونە)) (ڕەنجدەر،سەباح، ٢٠٠٨ :١٢).

(موحسین ئاوارە) دەربارەی توانای شیعری شاعیر دەڵێ : (( جەلالی میرزا کەریم لە نەوەی خۆی شاعیرێکی بێبەرامبەرو گرنگە. بەتایبەتی لە بەگرێبەندکردنی وێنە پڕ موچرکەکانی بە ئیقاعی بەهێزو ئەفسونی مۆسیقا، چالاکترین بەهرەو دیاردەی شیعری حەفتاکانی ئەدەبی کوردییە)) (ئاوارە، موحسین، ٢٠٠٤ ).

(دڵشاد عەبدوڵلا) یش لەم بارەیەوە دەڵێ : (لەماوەی سەرەتای حەفتاکاندا یەکێك بووم لە خوێنەرە بە پەرۆشەکانی شیعری ئەم شاعیرە و تا ئەندازەیەك لاسایی ئەویشم کردووەتەوە لە نوسینی بەرهەمەکاندا) .(عەبدوڵلا، دڵشاد، ٢٠١١ :٥٦).

بە پشت بەستن بەم بۆچوونانەی سەرەوەو ئەزمونی شیعری شاعیر دەتوانین بڵێین، جەلالی میرزا کەریم، پێش هەریەك لەو شاعیرانە کە دەنگی دیارن لە بزوتنەوەی ڕوانگەدا، لەخەمی تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا بووە، پێش هەریەك لەو شاعیرانە بخەین کە واخۆیان دەردەخەن کە ڕێچکە شکێنی سەردەمی حەفتاکانن، چونکە ئەو گۆڕانکارییەی کە لە حەفتاکاندا ئەنجامدرا پێش ئەو سەردەمە هەوڵی بۆ دراوە، هەروەك لە قۆناغی پێشوتردا خستمانە ڕوو.

یەکێك لەو ڕەخنانەی کە لەکاتی خۆیدا ئاراستەی ڕوانگەییەکان کراوە ئەوەیە، بەرهەمەکانیان بەئاسانی واتا نادەن بەدەستەوە، هەروەك (فازیل مەلا مەحمود) لەم بارەیەوە دەڵێ : (شێوەی نوسین لەوکاتانەدا ئەبێتە ڕێگری گەشەکردنی ئەدەب... کە شێوەیەکی تەماوی نامەفهوم بێت، وە بەجۆرێ نەنوسرێ کەخەڵك تێبگات، وەك لەهەموو بەرهەمەکانی ئەدیبە ڕوانگەییەکانا دیارە) (مەلا مەحمود، فازیل، ١٩٧٢ :٢٦٧).

بەرهەمەکانی شاعیر لە ڕووی هونەرییەوە لە ئاستێکی بەرزدا بوون، چەندین بەرهەمی پتەوی خستووەتە بەردەمی خوێنەر و جیاواز لە شاعیرانی نوێخوازی هاوسەردەمی خۆی، پەنای نەبردووەتە بەر تەمومژ و گرێوگۆڵ بەبیانوی نوێخوازی، بەوشەی سادەو ڕەسەن توانیویەتی واتای قوڵ بەخوێنەر بگەیەنێت و لە هەمانکاتدا هارمۆنیەتی نێوان بەرهەم و خوێنەر بپارێزێت، چونکە دابڕینی پەیوەندی نێوان نوسەرو خوێنەر لە بەهای ئەدەبی بەرهەمەکە دەهێنێتە خوارەوە، خوێنەر لە هەر ئاستێکی ڕۆشنبیریدا بێت بەخوێندنەوەی بەرهەمەکان دەتوانن لە مەبەست و پەیامی شیعرییەکە بگەن. چونکە بە زمانێکی ڕوونی بەکارهێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگری واتایەکی قوڵن.

بەرهەمی (یاد و یاقووت و نەهەنگ) یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە لە ژمارە یەکی ڕوانگە لەساڵی (١٩٧١)دا بڵاوی کردووەتەوە :

تا دوێنێ بوو. ٤

نەورۆزەکەی شاری هیوا ٤+٤

بەهارێکی پڕ لە سوێ بوو... ٤+٤

گوڵی وشەی تیا ئەپروا ٢+٢+٤

***

دەروونی یاد. بێ کڵپە بوو ٤+٤

سنگی وتە. بێ چرپە بوو ٤+٤

ئاسمانی بیر ڕەشی تێر بوو ٤+٤

چاوی تۆڵە. هێشتا کوێر بوو ٤+٤

هەمان قاڵبی شیعری سەربەست لەم هۆنراوەدا بەدی دەکرێت، شاعیر سەربەستانە مامەڵەی لەگەڵ پێ و دەستەپێ ی کێشی برگەیدا کردووە، لەم قۆناغەدا زیاتر رێچکەی شیعری سەربەست کرایەوەو شاعیران بەشێوەیەکی بەرفراوان روویان لەم جۆرە قاڵبە شیعرییە کردووە. لە هەرکۆپلەیەکی ئەم هۆنراوەیە دا بەشێوازی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ سەروادا کردووە، کۆپلەی یەکەم سەروای هەمەرەنگەو، لە کۆپلەی دووەم و کۆپلەی سێیەم سیستەمی سەروای یەکگرتوو بەکارهاتووە، لە کۆپلەکانی تری ئەم هۆنراوەیە لەجۆری سەروای هەمەرەنگە، واتە لەم هۆنراوەیەدا زیاتر لەیەك سیستمی سەروای بەکارهاتووە. لەبەر ئەوەی سیستەمی هەمەرەنگەکە زیاتر بەکارهاتووە ئەو جۆرەیان بە بنەرەتی دادەنرێت لە هۆنراوەکەدا.

ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٧٤) بە سەردەمی زێرینی شیعری جەلال دادەنرێت، بەبەراورد لەگەڵ قۆناغی یەکەم و سێیەمدا، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا لەوەدایە؛ بۆچی کەمتر باس لەرۆڵ و کاریگەری ئەم شاعیرە دەکرێت؟ لەکاتێکدا باس کردن و لێکۆڵینەوە لە شیعری نوێخوازی ئەم ماوەیە و وەلاخستنی رۆڵی ئەم شاعیرە داهێنەرە دەبێتە لەنگی بۆ لێکۆڵینەوەکە.

(سامی شۆڕش) دەڵێ : (هۆکاری ئەوەی کە کەمتر ناوی جەلالی میرزا کەریم دێت، هۆکاری یەکەم ئەوەیە، کە جەلال بە پێچەوانەی شێرکۆ بێکەس و حسین عارف، ئەوکات لەسەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی روانگەدا چەند کارێکی دیکەیشی دەکرد. لەوەزارەتی راگەیاندنی بەغداد کاری دەکرد. ئیشی وەرگێڕانی کوردی و عەرەبی دەکرد. سەرباری ئیشی وەزیفی، سکرتێری نوسین بوو لە رۆژنامەی هاوکاری، لە بەرامبەردا شێرکۆ بێکەس و حسین عارف دەسبەتاڵتربوون و، هەرخەریکی شیعرو چیرۆك نوسین بوون، جگە لەوە جەلال زیاتر خەریکی رێکخستنی بزوتنەوەکە بوو، کۆبوونەوەکردن، لەکوێ دادەنیشن؟ باسەکان چین؟ چی بنوسرێتەوە؟ بەیانەکان چۆن بنوسرێت؟ ... هەروەها ئیشێکی گرنگی دیکەی لە ئەستۆ بوو، ئەویش تەعبیرکردن بوو لە بزوتنەوی روانگە لە بواری رۆژنامەی هاوکاریدا) (شۆڕش،سامی، ٢٠٠٨ :٢١).

جەلالی میرزا کەریم کۆشیعری یەکەمی بەناوی (کاروانی وشەی راچەنیوو) بوو، کە لەساڵی (١٩٧٤) پێش دەستپێکردنەوەی شۆڕشی ئەیلول هەوڵی داوە لە بەغداد بە چاپی بگەیەنێت، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەلە کوردستاندا ڕوویدا نەیتوانی کارەکەی تەواو بکات، (هەر بۆیە کۆ شیعرەکانی لای (محەمەدی مەلا کەریم) بە ئامانەت داین‌اوە و هەر ئەویش پێشەکی بۆ نوسیوە) (ڕەنجدەر، سەباح، ٢٠١٨ : ١٨). هەتا ئێستەش ئەو بەرهەمە نازانرێت چی بەسەر هاتووە، شێرکۆ بێکەس لە دیدارێکدا لە ژمارە ٧٩ ی(گۆڤاری ئاینده) ئاماژە بەوە دەکات کە لەلایەن رژێمەوە دەست بەسەر ئەم بەرهەمەی جەلالی میرزا کەریم دا گیراوە. واتە ئەم شاعیرە هەتا لە کوردستان بوو بەرهەمەکانی لە گۆڤاری روانگە و بەیان و رۆژنامەی هاوکاری و برایەتی بڵاوەکردەوە، هەتا دوای راپەڕین بەرهەمەکانی لە شێوەی کتێبدا چاپنەکرا.

هەر لەم سەردەمەشدا هەندێ دەق بەناوی خوازراوی ئافرەتەوە، لەرۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوکردووەتەوە، مەبەست لەم کارەی هاندانی ئافرەت بووە بۆ هاتنە ناو دونیای ئەدەب . ئەم زانیاریەمان لە (ئاری میرزا)ەوە وەرگرتووە.

لەناخی دەروونەوە

پیاوێك...

یاخود با بڵێین بێ ناوێك

لەسروەی پڕ خەفەتباری،

ئاسۆکەی دەمەو بەیانا.

لەئارەزووی رەش و تاری

چاوی لێلی پڕ لەبزەی

هیواو بڕوای پڕ لە وزەی

ئادەمیزادێ ئەبینێ (هاوکاری، ١٩٧٠ : ١١)

ئەم هۆنراوەو چەند هۆنراوەیەکی تری لە ڕۆژنامەی هاوکاری بەناوی خوازراوی(خەزان)ەوە بڵاو کردووەتەوە، ئەم هەوڵانەی شاعیر دەرخەری ئەو ڕاستیەن هێندە لە خەمی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەدا بووە، هێندە لەبیری خۆدەرخستی خۆیدا نەبووە.

## ٣/٢) قۆناغی سێیەم ١٩٧٥-١٩٩٣ :

قۆناغی سێیەمی ئەو قۆناغەیە کە ژیاوە لە ئەمەریکا و ئەو ماوە کەمەی کە گەڕایەوە بۆ کوردستان، لەدوای نسکۆی شۆڕشی ١٩٧٤ شاعیر بڕیاری بەجێهێشتنی کوردستان دەدات و لەساڵی١٩٧٦ ڕوو دەکاتە وڵاتی ئەمەریکا و ژیانی غوربەت هەڵدەبژێرێت، بەڵام وڵاتی غەریبی ڕێگر نەبووە لەبەردەم تواناکانی ولەکاری ئەدەبی نەوەستا، ناو بەناو بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام چالاکییەکانی سنوردار بوون و بەرفراوان نەبوون. لەم ڕووەشەوە، (جەلالی میرزا کەریم) لە وەڵامی پرسیارێکی (عەتا قەرەداغی) دا لەبارەی دورکەوتنەوە و کپ بوونەوەی دەنگی دەڵێ : ( بەگوێرەی خۆم لەگەڵ چوونە دەرەوەدا لەگەڵ مەسەلەی فکری و سیاسیەکەی کوردا بووم و ئەمەش لە شیعرەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە. پێشتر لەگەڵ ڕوانگەدا بووم و هەر بەو هەستەشەوە چوومەتە دەرەوە، لە دەرەوەش ئاواتە خوازی ئەوە بووم بگەڕێمەوە نێو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی میللەتەکەم بەڵام بۆم نەڕەخساوە. ئەوانەی لە ئەوروپا بوون هەلی ئەوەیان باشتر بۆ ڕەخساوە کە بچنە بواری ئارەزوومەندی خۆیان، بارودۆخ لەوێ باشتر بوو لە ئەمریکا، لەوانەیە هەندێ لەوانەی لە ئەمریکا بوون، ئەگەر لە ئەوروپا بوونایە بەرهەمدارتر دەبوون، ئەوانەی ئەوروپاش ئەگەر لە شاخ بوونایە بەرهەمیان لەوەی لە ئەوروپایان زیاترو باشتر دەبوو) (میرزا کەریم، جەلال، ١٩٩٢ : ٢١).

ئەو بەرهەمانەی کەلەدەرەوە نوسیویەتی : (لەدەرەوە لە گۆڤاری (ئاڵا) و(أصوات) و (صوت الاتحاد) شیعرو نوسینەکانی بڵاودەکردەوە، لەساڵی ١٩٨٢ کۆمەڵە شیعرێکی بە ناونیشانی (الولادە) بەزمانی عەرەبی چاپ و بڵاوکردووەتەوە) (ئەحمەد، نەوزاد عەلی، ٢٠١٣ : ٥١).

هەر لەم قۆناغەدا لەساڵی ١٩٨٢ نامیلکەی (سەنگەری) نوسیوە و بڵاوی کردووەتەوە، بەڵام ئەم بەرهەمە دانەی لێنەگەشتوەتە کوردستان، (ئەم شانۆیە بە زمانێکی ئاراستەکراو نووسراوە، دەقەکە تیرۆژێکە لە ڕۆژانی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان. نامیلکەکە لە ٢٧ لاپەڕە پێکهاتووە و بەتایپی دەستی تایپکراوە و بە ئامێری کۆپی چەند دانەی لێگیراوەتەوە، بۆیەکەمجار لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە سوید نمایشکراوە) (ئەحمد، نەوزاد علی، ٢٠١٣ : ٦٤) .

ئەمەش کورتەیەك لە دەقی چیرۆکە شانۆیی (سەنگەر)ە:

پەردەی یەکەم

دیمەن: (ژوورێکی بچووک. چەند تابلۆیەك بەدیواردا هەڵواسراو. ڕادیۆ و سەعاتێك لەسەر مێزێکی بچووك. دوو دۆشەك ڕاخراوە. شیرین خەریکی پاك کردنەوە و ڕێکخستنی ماڵەکەیە. لەو کاتەدا لە دەرگا ئەدرێت. بەشپرزەییەو بەشپر-زەوییەوە بەرەو دەرگاکە ئەچێت..)

شیرین کێ یە. کێ یە؟

دەنگێکی نزم: منم. منم، باوکی هێمن.

شیرین: کێ؟

دەنگەکە بەرزتر: باوکی هێمن.

(شیرین زیاتر شپرزە ئەبێت و بەسەرسوڕمانێکەوە دەرگاکە ئەکاتەوە).

شیرین: مامە حەسەن! فەرموو (حەسەن دێتە ژوورەوە و جل و بەرگێکی کۆنەی لەبەردایەو. بوخچەیەکی بەدەستەوەیە، شیرین دەستی ماچ ئەکات و بوخچەکەی لێ وەرئەگرێت بەدەم ڕۆشتنەوە لە قسەکردندا بەردەوام ئەبێت).

شیرین: فەرموو یاخوا بەخێربێیت.

حەسەن: خۆش بیت.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

شیرین: دەفەرموو دانیشە.

(حەسەن دائەنیشێ و شیرینیش لەولایەوە دائەنیشێ)

حەسەن: ئێ کچم چۆنن. حاڵ و ئەحواڵتان؟

شیرین: الحمدالله. لەسایەی سەری تۆ و هێمنەوە باشین.

ئەم شانۆیە، بە زمانێکی سادە و بێ گرێ و گۆڵ نوسراوە، دەق شانۆکە باس لە ڕۆژانی خەباتی سیاسی گەلی کورد دەکات لە پێناو بەدەستهێنانی ڕزگاری و سەربەخۆیی نیشتماندا، خوێنی خۆیان فیدا دەکەن. سێ کەسایەتی سەرەکی لە شانۆکەدا بەشدارن (هێمن و شیرین و حەسەن)، گفتوگۆیی نێوانیان دەربارەی ناهەمواری و زوڵم و زۆری ئەو سەردەمەیە، باس لە بەرەنگاربوونەوەی گەنجەکان دەکات لە پێناو هەڵمژینی هەوای ئازادی. ئەم دەقە دەچێتە نێو خانەی ئەدەبی بەرەنگارییەوە.

هەر لەوماوەیەدا کۆمەڵە شیعری (ڕێگا دورەکانی چاومان) دەنوسێت، کۆی ئەم بەرهەمانە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ١٩٧٤ نوسراون و هەر لەو کاتەی کەلە ئێران پەنابەر بووەو دواتر لە ئەمریکا ژیاوە، بەڵام ئەم بەرهەمەی لەدوای ڕاپەڕین لەچاپدراوە.

دەربارەی ئەم کۆمەڵە شیعریەش ((کەریم شارەزا)) دەڵێ : ((کاتێك کۆمەڵە شیعرەکەی ((ڕێگا دوورەکانی چاومان)) بەوردی و بەچاوی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەوە دەخوێنینەو، لە پێکهاتەی شیعرەکانی و لە وێنە و تابلۆ ڕوونبێژییە یەك لەدوای یەکەکانی شیعرە ناسکەکانی ورد دەبینەوە، هەست دەکەین هەموو هۆنراوەکانی لە نێو بازنەی شیعری نوێی هاوچەرخدا جێیان دەبێتەوەو هیچ کۆپلەو دێڕێکیان بە بەرقاڵبی پەخشانە شیعر ناکەوێ، چونکە هەموویان کێش و ئیقاعی مۆسیقی خۆیان هەیە)) (شارەزا، کەریم، ٢٠٠٠ : ١٧).

(کەمال غەمبار)یش دەربارەی ئەم کۆمەڵە شیعرە دەڵێ : (ئەم کۆمەڵە شیعرەی شاعیر ڕاستیەکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە شاعیر دەیەوێ شیعرەکانی وەك خۆراکێك پێشکێشی خوێنەر بکات کە بەئاسانی هەزم بکرێ، نەوەك وەك هەندێ شیعری تەماوی و تاریك و لێڵ کە شاعیرەکانیان خۆشیان سەری لێ دەرناکەن.. ئەمە مانای ئەوە نیە کە مۆرکی ڕاپۆرتی خیتابی بدا بە هۆنراوەکە...بەڵام لە هەمان کاتدا لەڕووی ناوەڕۆکەوە وردو قوڵن) (غەمبار، کەمال، ٢٠١٢: ٨٦).

لەڕووی ناوەڕۆکەوە، هەرچەندە خاوەنی ئایدۆلۆژیی و هزری چەپڕەوییە، بەڵام هەمیشە شیعرەکانی بۆ کوردستان و پێشمەرگەو نیشتمان و نەتەوە و ئازادی بووە، لەگەڵ خەمی میللەتەکەیدا بوو هەرگیز شیعرەکانی دابڕاو نەبووە لە خەمی نەتەوەکەی و تەنانەت ئەو کاتانەش کە لە غەریبیدا ژیاوە.

لەساڵی (١٩٩١) داناملکەی (چرپەی ژانێکی نوقمبوو)ی لە ئەمریکا چاپکردووە. ئەم ناونیشانەش بۆخۆی ناونیشانی دەقێکیەتی کە تیایدا دەڵێ :

| | |
|---|---|
| زۆر حەز ئەکەم | ٤ |
| لە شەقامی بەهار هەڵبێم | ٤+٢+٢ |
| خۆم لە گۆڕستانا ون کەم | ٦+٢ |
| بڕۆمە بەر دەرگای پایز | ٦+٢ |
| لێی دەم .. لێی دەم | ٢+٢ |
| -لێم کەنەوە! | ٤ |
| من نەهاتووم | ٤ |
| دوو گەز جاوی بەرتان بدزم | ٢+٢+٤ |
| هەتا لاشەی مناڵانی کوردستانی | ٢+٢+٦ |
| پێ داپۆشم. | ٤ |

- لێم کەنەوە! ٤

من نەهاتووم ٤

چاڵە ژووری ئارامگاتان لێ زەوت کەم ٤+٤+٤

تا نێرگزی سەربڕاوی ٤+٤

تیا بنێژم ٤

-لێم کەنەوە! ٤

تەنیا هاتووم ٢+٢

پێتان بڵێم: ٢+٢

پرسێکتان لە یەزدان نەکرد ٤+٤

بۆ ئێمەی وا بەم دەردە برد؟ ٤+٤

وەك دەبینرێ لێرەدا شاعیر دەست بەرداری کێش و قافیە نەبووە، بەڵام بە شێوەی ئازاد مامەڵەی لەگەڵدا کردوون. دوو جۆر کێشی خۆماڵی بەکارهێناوە، کە ئەویش بریتیە لە کێشی هەشت بڕگەی ، کە بەشێوەیەکی جۆراو جۆر دەستەپێی ئەم کێشە بەسەر دێڕەکاندا دابەشکراوە، لە نیوە دێڕی پێنجەم و نیوە دێڕی حەوتەم کێشی دوانزە بڕگەی بەکارهێناوە، لەڕوو سەرواشەوە سەروای هەمەڕەنگ ڕۆڵی لە بنیاتی ئاوازەیی ئەم کۆپلەیەدا بینیوە.

## ئەنجام :

١-جەلالی میرزا کەریم یەکێك بووە لەو شاعیرانەی، کەلە چالاکی سیاسیەوە ڕووی لە چالاکی ئەدەبی بەگشتی و بەتایبەتیش شیعریی کردووە، بەو ڕەنگەش تاقیکردنەوەی سیاسی بووە ڕەنگ ڕێژکەری تاقیکردنەوەی شیعریی لەلای.

٢- دەکرێ جەلالی میرزا کەریم بە یەکێك لە ڕابەرە دیارەکانی شیعری سەربەست دابنرێت، بەو پێیەی هەر لەنیوەی دووەمی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە، ڕووی لە بنیاتی شیعری سەربەست کردووەو تا دوا دەقی لەسەرەتای نەوەدەکانی هەمان سەدەدا لەسەر هەمان بنیاد بەردەوام بووە، بەپێچەوانەی شاعیرانی قۆناغەکەی کەهەندێکیان لەچەند دەقێکی کەمیاندا ڕوویان لە شیعری سەربەست کردووە پاشتر دوورکەوتوونەتەوە لێی.

٣- یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی شیعری (دووچاوی)، کە لەساڵی ١٩٥٨ نوسیویەتی و هەر لەو ساڵەدا لە گۆڤاری شەفەق بڵاوی کردووەتەوە، ئەم هۆنراوەیە بە بنیادی شیعری سەربەست نوسراوە.

٤- سەرباری ئەوەی جەلالی میرزا کەریم بۆخۆی یەکێك بووە لەو دەستە ئەدیبەی کە بانگەوازی ڕوانگەیان بڵاوکردەوە، گەلێ لەشاعیرانی ڕوانگە کاریگەر بوون پێی.

٥- تەمەنی شیعری جەلالی میرزا کەریم بەسێ قۆناغدا تێپەڕیووە و لەهەریەکە لەو قۆناغانەشدا دەقەکانی سیماو شەقڵی تایبەتی خۆیان هەیەو ڕەنگ پێدەرەوەی بارودۆخی ژیانی خۆیی و گەلەکەی بوون.

٦-جەلالی میرزا کەریم مەشقی کێشی عەرووزی نیە، سەرجەم بەرهەمەکانی بە کێشی خۆماڵی نوسیوە، لە بەکارهێنانی کێشی خۆماڵیدا ئازادانە مامەڵەی لەگەڵ پێکاندا کردووە.

٧- شاعیر هێندەی لە خەمی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەدا بووە، هێندە لەبیری خۆدەرخستنی خۆیدا نەبووە.

٨- هەرچەندە دەقەکانی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەڵگری بیری ئایدۆلۆژی چەپە، لەگەڵ ئەوەشدا لە نەتەوە و خاك و نیشتمان و ئازادی بۆ کوردستان دانەبڕاوە، لە هەموو کاتەکاندا شیعرەکانی گرێدراوی نەتەوایەتی بووە.

**سەرچاوەکان :**

**١-بەزمانی کوردی :**

**أ-کتێب:**

١-عارف،محمد صدیق: (١٩٥٨)، کامەران و هۆنراوەی نوێ، چاپخانەی مەعاریف.

٢-خەزنەدار، مارف: (٢٠٠٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەرگی حەوتەم، هەولێر.

٣-غەمبار، کەمال: ( ٢٠٠٨)، بەرەو جیهانی شیعریی چەند شاعیرێك، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٤- ڕەنجدەر، سەباح: ( ٢٠١٨)، قەڵەم کێشی جەلالی میرزاکەریم بە وشە(ڕوانینەکانی چاوی شەقام)، هەولێر.

٥- علی، دڵشاد: (١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردکارە، چاپی یەکەم، بێ ناوی چاپخانە.

٦- حسێن، جەبار ئەحمەد: (٢٠٠٨)، ئێستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠)،چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٧- عارف، حسێن: (٢٠٠٥)، ڕوانگە و یاران و نەیارانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨- قەرەداغی، عەتا: (٢٠٢٠)، گەڕان بەدوای جوانییەکان لەڕووبەرە فەرامۆشکراوەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٩- بەرزنجی، ئازاد: (٢٠١١)، هەرسێ ژمارەکەی ڕوانگە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٠- میرزاکەریم، جەلال: (٢٠١٨)، ڕوانینەکانی چاوی شەقام، چاپی یەکەم، بێ ناوی چاپخانە .

١١- میرزاکەریم، جەلال: (٢٠٢١)، ڕێگا دوورەکانی چاومان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

١٢- ژیر، کامیل: (١٩٥٨)، هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، دەزگای چاپەمەنی ڕۆژ، سوید.

١٢-غەمبار، کەمال: (٢٠١٢)، چنینەوەی چەند وتارێکی ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

**ب- گۆڤارەکان:**

١- ئەحمەد، نەوزاد عەلی: (٢٠١٣)، سەنگەر-ی جەلالی میرزاکەریم، گۆڤاری نوسەری نوێ، ژمارە (٦٤)، لاپەڕە(٥١-٥٢).

٢- شارەزا، کەریم: (٢٠٠٠)، تابلۆی ڕوونبێژی شیعریی چەسپاو و جوڵاو لە کۆ شیعری (ڕێگا دوورەکانی چاومان)دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٤٤)، لاپەڕە ١٧.

٣- عەبدوڵلا، دڵشاد: (٢٠١١)، دەقی دوێنێ ڕوانینەکانی چاوی شەقام، گۆڤاری ئایندە، ژمارە(٩٦)، لاپەڕە ٥٦.

٥- بێکەس، شێرکۆ: (٢٠٠٨)، جەلالی میرزاکەریم و ڕوانگەو چەند ئاوێنەیەکی بیرەوەری ئەوکاتە، گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٧٩.

٦- شۆڕش، سامی: (٢٠٠٨)، جەلالی میرزاکەریم .... دەنگێکی پرشنگداری نوێخواز، گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٧٩.

٧- بۆتانی، کاکە مەم: (٢٠٠٨)، جەلالی شیعر، گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٧٩.

٨- ئەحمەد، نەوزاد عەلی: (٢٠١٣)، سەنگەری- ی جەلالی میرزاکەریم، گۆڤاری نوسەری نوێ، هەولێر، ژمارە٦٤.

٩- قەرەداغی، عەتا: (١٩٩٢)، گفتوگۆیەك لەگەڵ جەلالی میرزاکەریم، ڕۆڤار، ژمارە ١٥ .

١٠- هەڵمەت، لەتیف: (٢٠٠٩)، وێنەیەك بە پێنوسی: جەلالی میرزاکەریم، نەوشەفەق، ژمارە ٦٤ .

**ڕۆژنامەکان:**

١-چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵلا پەشێو: (١٩٧١)، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١)ی لك٢.

٢-میرزاکەریم، جەلال: (١٩٧٠)، هۆنراوەی(لەناخی دەروونەوە) بەناوی خوازراوی (خەزان) بڵاویکردووەتەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە(٧).

**بەزمانی عەرەبی :**

**أ-الکتاب:**

١-الملائكة، نازك: (١٩٨١)، قضايا الشعر المعاصر، الطبعة الأولى، دار العلم للملايين، بيروت.